# لەئاهەنگێکی شانۆییدا لەبرۆکسل خەڵاتی رێزلێنان لەلایەن رێکخراوی (day - V) ژنانەوە پێشکەش بە یەنار محمد کرا

(ئیف تنسلر) سەرۆکی ریکخراوی ژنان کە بەنفوزترین رێکخراوەو لەناوەندەکانی خوێندنی ئەمریکادا زۆر ناسراوە، بەئامادەبوونی کۆمەلیکی زۆر لەکەسایەتیەکانی ژنان و سیاسەتمەداران و هونەرمەندانی ناودار لەوانەش گۆرانی بیژی بەریتانی (ئانی لینۆکس) ئاهەنگیکی شانۆیی سالانەی لەشاری برۆکسلی پایتەختی ئەوروپای یەکگرتوو سازدا.

یەنار محمد بانگهیشت کرابوو کە سەرلەبەیانیەکەی لەبەردم کۆمەلیك لەهەلسوراوانی ژنانی ئەوروپاو چەند ناوچەیەکی تر وەکو ژنانی صرب و کروات و کۆماری شیشیان کەلەم دەیەی دواییدا تووشی شەرو وێرانکاری هاتوون قسەوباس بکات.

هەروەها لەم بۆنەیەدا پانێلێك سازکرا بۆ (کولیت ئانتوا) بەرپرسی کاروباری ژنانی ئەوروپای یەکگرتوو، بەرپرسی پشتیوانی دارایی، (فرانسواز غیلیت) بەرپرسی ریکخراوی لیبوردنی نیودەولەتی لەبرۆکسل، (یەنار محمدو چەند شەخسییاتێکی تر. (ئیف ئەنسلەر) ینار محمدی وەکو رەمزێکی بالاو هەلسوراویکی ژنانی عیراقی ناساند کەبەرەنگاری هەموو شیوازیکی توندوتیژی لەعیراق بووەتەوەو رۆژانە ژیانی خۆی تەرخان کردوە بۆ هەلسوران لەپیناو کۆتایی هینان بەتوندو تیژی لەدژی ژنانو داگیرکاری ئەمریکاو توندوتیژیو هەرەشەی ئیسلامیەکان.

یەنار محمد دوای پیشکەشکردنی باسیك سەبارەت بەئاکامەکانی شەرو بالکیشانی بەسەر ژناندا  سیاسەتەکانی ئەمریکای ریسوا کرد کە دووبەرەکی نەتەوەییو دینی و تائیفی پەرەپیداوەو هەروەها بواری لەبەردەم ئیسلامیەکاندا ئاوەلا کردوە کە بالا دەست بن بەسەر پەرلەمانداو ئاکامەکەشی ئەوەبێت کەدەستوریك لەسەر بنەمای شەریعەتی ئسلامی دژە ژن بنووسن، لەکۆتاییدا هەموو ئەو بەسەر هاتانەی بیری ئامادەبوان خستنەوە کەبەسەر (زهراو الکاظمی) هەلسوراوی ژنانی ئیرانیدا هات کەدوای دەستگیرکردن و ئەشکەنجەدان و ئیغتصاب کردن لەزیندانەکانی جمهوری ئیسلمی ئیراندا کوژرا.وە نیشانی دا کەچۆن هەنگاونان بەرەو جمهورییەکی ئیسلامی لەعیراقدا بەمانای وێلکردنی ژنانە کەهەموویان رووبەرووی هەمان ئەو دەستدریژی و ئیغتصاب  کردنەی زهراو الکاظمی ببنەوە.

بەلام چالاکی سەرلەئیوارە نمایشیکی شانۆیی کۆمیدی بوو سەبارەت بە چیژ وەرگرتنی ژنان لەئازادی خۆیان بەبێ ترس و هیچ حەرامکردن و داب و نەریتیك. لەنێو شانۆگەرییەکەدا لەقتەیەکی تراژیدی هەبوو سەبارەت بەکچە لاویکی عیراقی کە خانووەکەی بۆردومان کراوەو دەموچاوی سووتاوە، قورسایی عاتفی ئەم بەشە هیندە گەورە بوو کەهەموو رەخنەیەکی لەدژی شەری ناشەرعی لەخۆگرتبوو کە چۆن دانیشتوان و ژنانی عیراقی بوونەتە سوتەمەنی وەزعیکی نائینسانی.

لەکۆتایی ئیوارەکۆڕەکەدا خەلاتەکان بۆ ریزگرتن لەکارو گرنگترین هەلسوراوانی ژنان پێشکەش کراو خەڵاتی یەکەم  پیشکەش بە یەنار محمد کراو داوای لیکرا وتەیك لەبەردەم ئامادەبواندا (1000 کەس) پیشکەش بکات.

هەروەها دوای چەند دانیشتنیکی لاوەکی بریاردرا پشتیوانی ریکخراوی ئازادی ژن بۆ کردنەوەی رادیۆی دەنگی ئازادی ژن و ئازادی عیراق بکریت    لەلایەن لایەنی ریکخەری            ئاهەنگە شانۆییەکەوە. هەروەها گۆرانی بیژی بەناوبانگ ئانی لینۆکس سوور بوو لەسەر ئەوەی بەشداری ئەم پشتیوانیە بکات.

**بەڕێزان/ فەرمانبەران و کاگوزاران و مامۆستایان و ڕۆشنبیران، سەندیکا و ڕێکخراوە پیشەیی و جەماوەریەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی:**

تەواوی هاوڵاتیان سەرباری ناڕەزاییان بەرامبەر بەرزبوونەوەی نرخی شتومەك و پێداویستی یەکانی ژیانی ڕۆژانەیان لە بازاڕەکانی کوردستاندا، لەوەش تێدەگەن کە مووچەی فەرمانبەران و کرێکارانی دەوڵەت و مامۆستایان لە ئاست ئەو گرانی و بێ سەری و بەرییەی بازاڕ و ژیانی ڕۆژانەدا نیە. هاوکات ئەو ناعەدالەتیە گەورەیەی لە سیستەمی دابەشکردنی  مووچەدا هەیە، واتە کەمی مووچەی فەرمانبەرانی ئاسایی بەرامبەر بەبەرزیی مووچەی بەڕێوەبەری گشتی و وەزیر و بەرپرسە سیاسیەکان، ناڕەزاییەکی زۆری دروست کردووە. بۆیە چی تر ناتوانین بەرامبەر ئەو هەموو ناعەدالەتی و کێشە و گرفتانە بێدەنگ بین و داواکارین پێکەوە داواکاری و ناڕەزاییەکانمان ئاراستەی حکومەت و لایەنە بەرپرسەکان بکەین، کە لەم خاڵانەی خوارەوەدا ئاشکرای دەکەین:

١– بەرزکردنەوەی ئاستی مووچەی فەرمانبەران بە ئەندازەیەك لە ئاستی بژێوی ژیانی ڕۆژانە و پێداویستیەکانیاندا بێت.

٢– بایەخدان بە بڕوانامە و لێهاتوویی و پسپۆڕی و ساڵی خزمەت لە سیستەمی مووچەدا.

٣– بن بڕکردنی ئەو ناعەدالەتیە گەورەیەی کە لە سیستەمی مووچەدا هەیە، کە بەو پێ یە وەزیرێك مووچەکەی نزیکەی ٣٥ ئەوەندەو بەڕێوەبەرێکی گشتی نزیکەی ١٢ئەوەندەی مووچەی فەرمانبەرێکی ئاسایین، ئەمە لە کاتێکدایە کە ئەم جیاوازیە گەورەیە لە هیچ یەکێك لە سیستەمەکانی مووچەی ڕابردوودا نەبووە بەوانەی سەردەمی دیکتاتۆریشەوە.

٤– چارەسەرکردنی بەپەلەی کێشەی نیشتەجێ بوون لەرێی: دابەشکردنی رێژەیـەکی زیـاتری زەوی بـۆ فەرمانبـەران و مامۆسـتایان، بـەڵام بەشـێوەیەکی عـادیلانـەو هەروەها پەلەکردن لەدابەشکردنی ئەو زەویانەی کە بۆ فەرمانبەران و مامۆستایان دابینکراوە کەبەبێ هیچ هۆیەکی ئاشکرا ڕاگیراوە. دابینکردنی شـوقەی نیـشتەجێ بوون و کۆنترۆڵ کردنی کرێی خانوو کەبەشێوەیەکی خەیاڵی لەبەرزبوونەوەدایە بەئەندازەیەك کە ئێستاکە مووچەی فەرمانبەران تەنها بەشی کرێ خانوو دەکات.

٥– ڕێگرتن لە بەرزبوونەوەی نرخی شتومەك و خزمەتگوزاری و پێداویستیەکان لەبازاڕدا کە بەشێوەیەکی خراپ کاری کردووەتە سەر ئاستی بـژێوی هاوڵاتیـان، واتـە کۆنترۆڵ کردنی بێ سەروبەری نرخ دانان بۆ شتومەك و پێداویستیەکانی ژیانی ڕۆژانە.

٦– گێڕانەوەی دەرماڵەی پیشەیی بۆ سەرجەم پیشەجیاکان، هەروەها گێڕانەوەی بڕی پارەی دیاریکراو بۆ هاوسەر و منداڵ لە مووچەدا.

٧– سەرفکردنی بڕی ٧٥٠ هەزار دینار وەکو دیاری بۆ ئەو فەرمانبەرانەی کەخێزان پێك دەهێنن، سەرەڕای پێدانی ٧٥٠ هەزار دینار وەك سولفەی هاوسەرگیری.

لەبەرئەوە داواکارین لەتەواوی هاوڵاتیان بەشـێوەیەکی گـشتی و فەرمانبـەران و ڕۆشـنبیران بەتایبـەتی پـشتیوانی لـەم داواکاریانـە بکـەن بـۆ باشـترکردنی ژیـان و خۆشگوزەرانی بۆ هەمووان نەك تەنها بۆ چین و توێژێکی دیاریکراوی کەمی کۆمەڵگا.

هەڵبەت ئەم ناڕەزاییی نامەیە یەکێکە لەمافە هەرە سـەرەتاییەکانی هاوڵاتیـان لەکۆمەڵگایـەکی دیموکراسـی دا و داوای پـشتگیری لەسـەرجەم سـەندیکاو ڕێکخـراوە پیشەیی یەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و میدیاکان دەکەین.

**دەستەی ناڕەزایی فەرمانبەران و کارگوزاران**